**خانمێکی پاریسی!!**

خۆشناو مەریوانی بەهاری ٢٠١٤، پاریس.

ئەویندار وسەوداسەری زانستی زمان ڕەوانی، هانیدام ئەم چەند دێرە بنوسم.

تەمەن گەر بەری چاوی بیرەوەرییەکانمی لێڵ نەکرد بێت، نزیکەی ٢٥ ساڵێک لەمەوبەر، پێش ساڵەکانی نەوەتەکان بوو.

ڕۆژێکی بەهار لە شارێکی گەلێک جوانی قەراغ ڕۆژئاوای پاریس، بۆکارەکەم ڕێگام تێ کەوتبوو، شارەکە بە ناوی"سان کللوو"وەیە ، هەروەها بەبەرزای گردێکەوەییە .

گردەکە ! دەمەو ئێواران یارمەتی ڕۆژ ئەدات خانۆکانی بناری گردکەی ڕوو لە پاریس، کەمێک زوتر سێبەر، باڵیان بەسەردا بکێشێت،

ڕۆژەکەی چ شانسێک بوو، ڕۆژێکی خۆشی هاتاوی و ئاسمان شێنی بەرزی جوان بوو.

بە هەنگاوی درشت لەو ڕا دەڕۆیشتم، بە پەلە بە سەر گردا بە ڕەو بەرزای لوتکە ڕێگەم دەبری، تا لەکارەکەم دوانەکەوم.

هەنگاوی خێرای بەرەو سەر هەناسەی سوارکردبووم . بەرزی سەرکەوتن ولە کار دوانەکەوتن هیلاکیان کردبووم.

بەهارێکی پاریس سەوزی فێنک بوو، ناوەراستی بەهار، مانگی ئەپرل بوو. بە دەم هەنگاوە پڕ ریتمی بەردەوامەکانمەوە، خەیاڵەکانی ئاسان و خۆش کردبووم دەمێک بۆ پیاسەی ئێوارانی گەرەکەکانی ناو پاریس، نێو قاوەخانەکانی گەرەکی لاتینی، سان جەرمان، سامی شێل وشاتلێی دەبردم، دەمێک بۆخواردنەوەی پێکێکی سارد لەگەڵ هاورێیاندا نۆشکەم دەبردم.
خەیاڵە بێ نەوەستاوەکانمم دەمێک بۆ بابەتە جۆراو جۆرەکانی ژیانی ئاوارەی، کارکردن، بێجێگای، ژیانی ناسۆری دەربەدەری، تەنیای و ئازار ژیانی غەریبی کێشی دەکردم.

بە دەم خەیاڵەوە، لە پرسەرم هەڵبری، کەمێک مابووم بگەمە ئاستی خانمێکی بەژن وباڵا بەرز، بە ڕۆشتنی لەنجەولاری، هەرچەندە لە بەردەمەوە دەرۆشتن، گەلێ، قەشەنگ خۆی دەنواند .
دەستی لەدەستی مناڵە بەرواڵەت چوارساڵانەکەیدا بوو.

تەنیایی، ئاوەریی وغەریبی وای لێکردبووم، کەیفم بە گوێگرتن لەخەڵک وقسەکردن لە گەڵ خۆمدا دەهات. هێند لەگەڵ خۆمدا ئەدوام، خەڵکی ئاوری کتوپریان لێ یان ئەدامە، بە شێت لێ یان نمایش دەبووم. ئەو نەرێتانەی لە لام بە خوو ببوون.

گوێم لە ناڵەکەی بوو، بە دەنگێکی ناسکی موزیکی لەگەڵ دایکیدا ئەدوا.
هەنگاوەکانم شلکردنەوە و گوێکانم کردنە گوێ مشک.

لەسەرەتای رستەیەکیدا،
گووتی:

- دایکە گیان بەیارمەتی، ببورە، گوێم لێ بگرە.

- لەگەڵ "جانی میلینای" هاورێی کلاسم ئەمرۆ لە هین (١) " یاریمان کرد!"

دایکی دەنگی هەڵبری پێی گووت:

- پێم نەوتی بەپەڵە مەدوێ، هەناسە بدە ئەو کات ووشەکانت بدرکێنە.

هەنگاوەکانم فرەتر شلکردنەوە، بۆ ئەوەی لەم گفت وگۆیە بێبەش نەبم وگوێم زیاتربۆیان شلکرد.

دایکی لەسەر ئاخافتنی بەردەوام بوو:

-گەر هەموو مناڵ ولاوەکانمان وەک تۆ بدوێن، بەم زوانە ئێمەی دایک وباوکان زبانی فەرەنسی پێکراو، لەتابووت ئەنێین، هاوکات لەسەر شانمانی بنێن وبەرەو گۆرستانی زمانە دێرینە فەوتاوەکانی بەرین.

-ئەی پێم نەوتی بەفەرەنسی بدوێ وتاکە وشەیەک "هین"بەکار مەهێنە بۆ هەمووباسەکەت. جوانی ومانای مەبەستەکەت بە وشەی "هین" پێشێل مەکە .

چەند کەرەت ئەم باسە بۆم کردویت. وشەی ئاسانی بێ مانای سەرزارەکی بەکار نەهێنی، " هین ومین " مانای چییە؟.تەنیا خۆ دەربازکردنە بە دوای وشە پێویستەکەدا بگەرێیت.
گەیشت بوومە ئاستیان، دایکێکی دەردی کوردەوای دەیڵێن، لەگەڵ جوانی رۆژ و مانگدا لەشەردا بوو، هیلاکی هەنگاوی خێرای بەرەو سەرەوەم لە بەدەن دەرچوو، هیلاکیم نەمان.

-کچە بچکۆلانەکە زوو زوو دەیگووت:

ببورە دایە گیان ببوورە ئیتر نایڵێم وبەکاری ناهێنم: هیییییین ی ناشرین.

لەوکاتەدا، هەستم کرد، خانمی قەشەنگ، بەخەنجەر بەر بۆتە بینای هەستیم وهەموو تەمەنی لاویمی لەرزان. هاوکات کتێبەکەی "ئەمیللی" (ژان ژاک رۆسۆی) دایەدەستم.

لە بەر شەرم نە بووایە دەچووم و پاش سڵاوکردن ومەعزەرەت خواستن، هەردوو دەستی ماچم بکردنایە.

لە خۆمم پرسی:

-بۆ لەم سەر زنشتە گەوهەریە، تاهەنووکە بێبەش بووم؟.

بریارمدا گفتەکانی خانمە قەشەنگە پاریسێکە، لەمەودوا بکەمە ملوانکەی وشەی مرواری، تا لە دنیادا مابم لەگەردنی کەم.

ئیتر واز بێنم لە گوتنی "هین".

بۆخۆم ونەتەوەکەم ئامانجم گەران بەدوای وشەی جوان وزانستی زمانەوانیدا هیوام بێت.
ئیتر ئامانجم، زمان و نوسینی کوردی جوانتر کەم.

.-------------------------------------------------------

"هین"، "وانێک"، "هەرامە" و "شت"، بە فەرەنسی دەوترێت "truc" تروک.